# ئایا بیدعەی حەسەنە لە ئایندا هەیە؟

﴿ هل يوجد في الإسلام بدعة حسنة؟ ﴾

[ كردي – کوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :** پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ هل يوجد في الإسلام بدعة حسنة؟ ﴾

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ئايا بيدعەی حەسەنە لە ئايندا هەيە؟

**پرسيار :** مەبەست لە بيدعە چييە ؟ وە ئايا بيدعەی حەسەنە لە ئايندا هەيە؟

**وەڵام :** ئيبن رەجەب ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : ئەوەی لە ديندا دروست كراوە و زيادكراوە و هيچ بنەمايەكی نييە لە ديندا، بەڵام ئەگەر بنەمايەكی هەبێت بە بيدعە دانانرێت ئەگەرچی بە گوێرەی زمانەوانی بە بيدعە لەقەڵەم بدرێت .

قورئاني پيرۆز و فەرموودەكانی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) زەمی بيدعە دەكەن بە مەفهومە شەرعييەكەی كە هەر شتێك لە ئايندا دابهێنرێت و بنەمايەكی لە ئايندا نييە، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت: « وَمَنْ عَمِلَ عَمَلا لَيْسَ عَلَيْهِ أمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ » { متفق عليه } واتە: هەركەس عيبادەتێكی كردو فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبوو وەرناگيرێت، هەروەها دەفەرموێت: « فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ » {رواه أبو داود } واتە: هەموو داهێنراوێك بيدعەيەو هەموو بيدعەيەك گومراييە.

لەم دوو فەرمودەيە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كەوا بيدعە حەسەنە نيە لە ئاييندا؛ وە ئەوەی بڵێت بيدعە حەسەنە هەيە، ئەوە بە پێچەوانەی فەرمودەی پێغەمبەری خوايە ( صلى الله عليه وسلم ) كە دەفەرموێت: « فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ »، وە بێ گومان هەر كەسێكيش

گومانی وا بێت کەوا هەموو بیدعەیەك گومڕایی نیە، ئەوە دژایەتی خوا و پێغەمبەری خوا دەکات ( صلى الله عليه وسلم ).

ئیمامی مالیك لە واتای بیدعەدا دەڵێت: هەرکەس لە دیندا داهێنراوێك دروست بکات، پێی باش بێت ئەوا پێی وایە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) خیانەتی کردووە لە گەیاندنی پەیامەکەی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت : ( الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي ) { المائدة:٣ } واتە: ئەمڕۆ ئاینەکەی ئێوەم تەواو کردو نیعمەتی تەواوم پێبەخشین.

هەندێك فەرمووده هەن بە باشە باسی بیدعە دەکەن، بەڵام تەنها بە واتا زمانەوانییەکەی، ئەویش ئەو شتانەیە کە لە دیندا خۆیان هەن، بەڵام لەبیر کراون، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هانی خەڵکی داوە بە بیرهێنانەوەی و زیندووکردنەوەی وەك دەفەرموێت: « مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ » { رواه مسلم } واتە: هەرکەس لە ئیسلامدا شتێکی باش دابهێنێت ئەوە پاداشت وەردەگرێت و پاداشت لە بەرامبەر کارپێکردنیدا لە لایەن خەڵکییەوە وەردەگرێت بەبێ ئەوەی لە پاداشتی هیچ لایەك کەم بێتەوە.

هەر بەم واتایە کە خەلیفە عومەر لە بارەی تەراویحەوە دەڵێت: باشترین بیدعەیە، چونکە نوێژی تەراویح بە جەماعەت پێشتر دانرابوو، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) هانی خەڵکی دابوو بۆ کردنی و خۆشی سێ شەو بە جەماعەت کردی و دوایی وازی لێ هێنا لە ترسی ئەوەی فەرز بکرێت، دواتر خەلیفە عومەر خەڵکی کۆکردەوەو کردی بە سوننەت.

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .